لە شاری سلەمانی ڤەستیڤاڵی فیلمی کوردیی «مەبایل» بەڕێوەدەچێت

دامەزراوەی ڤیم پەستەری فەرمی ڤەستیڤاڵی فیلمی کوردیی «مەبایل» بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، "ڤەستیڤاڵی فیلمی کوردی مەبایل ڤەستیڤاڵێکی لۆکاڵی فیلمی کوردییە لە شاری سلەمانی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلەمانی و دامەزراوەی ڤیم بەڕێوەدەچێت".

ئاشیگەیاند، "ڤەستیڤاڵەکە دەرفەت بە ئارەزوومەندانی بواری فیلم و سینەما دەدات تا فیلمەکانیان لە ڕێگەی مەبایلەوە بەرهەمبهێنن و بەشداری لە ڤەستیڤاڵەکەدا بکەن".

هاوونیشکراوە، لە نزیکترین کاتدا زانیاری زۆرتر لەسەر کات و شێوازی بەشداریکردنی فیلم و تەواوی وردەکارییەکان بڵاودەکرێتەوە.